# ئەفسوس بەرهەمی راپەڕین بۆ میللەت نەبوو ..!

**عادل شاسواری**

adilshaswary2000@yahoo.com

راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان کە کۆی میللەتی کورد خاوەنیەتی و کەمینەیەکی نێو دەسەڵات بەری دەخوات، زوڵم و زۆری بەرچاو و پەنگ خواردووی رژێمێك هەڵگیرسێنەری سەرەکی بوو کەساڵەهای ساڵ داخیان کرد بەگەروی ئەم میللەتەدا و ستەمیان بە جەربەزیی و ئازایی ئەخەملاند .. تا گەیشتە ئاستێك کە رق و تورەیی خەڵك گەورەتر بێت لە ستەمی ئەوان و بەراپەڕین وەڵامیان بدەنەوە .

ئەمەش مافێکی رەوای کورد بوو .. وەك میللەت .. وەك هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی .. شانازی بکات بەو رۆژەوە کە عەقڵی کوردی تیا راچەنی .. کە گیانی کوردی تیا راچەنی .. کە جۆگا و رێگای رووداوەکان گەڕانەوە ئاراستەی خۆیان .. ئاراستەیەك کەبرژێنە ناو بەرژەوەندی کۆی میللەتی کوردەوە بە هەموو رەنگ و چین و توێژەکانیەوە .. میللەت مافی خۆیەتی وەك خاوەن پرۆژەی راپەڕین شانازی بکات بەدەست و بازووی خۆیەوە و بەرهەمەکەشی بۆ هەموان بچنێتەوە .. بەڵام ئەفسوس ئەوەی ئێستا خاوەنی بەرهەمی راپەڕین نەبێت میللەتە ..!

ئەو خەم و ناسۆرو نارەحەتیەی ساڵەهایە گەلی کورد چەشتویەتی بەشی ئەوە دەکات نەك هەر سەرفرازی بۆ میللەتەکەی تۆماربکات بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لەسەر نەخشەی جیهاندا دەورێکی زۆر لەوە گەورەتر ببینێت کەتا ئێستا لەمێژوویدا نەخشێنراوە ..

راپەڕینی کورد بۆ داهاتوویەکی پرشنگداری پربەرهەم بوو .. بۆ برینی دەستی ستەم و زۆرداری بوو بۆ راماڵینی دیکتاتۆریەت و تاك رەهەندی و دەسەڵاتی تاقانەیی بوو .. بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی حیزب و دەسەڵاتێك بوو کە ئاوێنەی بەرژەوەندی کۆمەڵگا نەبێت .. کەبەرژەوەندی کۆمەڵ لەبەرچاونەگرێت .. ئەفسوس ئەم هۆکارانە لەبیرچوونەوە .. !

پێویست بوو نرخی راپەڕین بەقەدەر پیرۆزی گیانی راچەنیوی گەلی کورد قەدری بگیرایە .. پێویست بوو ئەوەی گەلی راچەنی بۆ راپەڕین لە دوای راپەڕین لەبیر نەکرایە .. گرنگ بوو قۆناغی دوای راپەڕین لە قۆناغی پێش راپەڕین کەمتر سەیر نەکرایە .. بەڵام ئەفسوس قۆناغی دوای راپەڕین بەقۆناغی هەر کەس بۆ خۆی ناسێنرا ...!

کەم نەبون ئەوانەی ئومێدیان بەدوارۆژ هەبوو .. ئومێدەواربوون سەردەمی ئاواتەرەواکانی گەلی ئێمە دەست پێبکات .. زیاتر و زیاتر بتوانن بەهرەمەند ببن لە مافەرەواکانی گەلەکەمان وەکو هەموو میللەتێکی سەرفرازی ئەم دنیایە لە مافە سروشتی و ئینسانیەکان بەهرەمەند ببن .. ئەو گەنجانەی چرای تەمەنیان بە دیار چاوەروانیەوە بۆ داهاتویەکی باشتر سوتاند .. ئەو جوامێرانەی قەڵەمی باڵایان نەوی و ئەو داهاتووە زێرینە هەر نەهات .. ئەو شۆرە کچانەی کەبەدیار سوارچاکی خەونەکانیانەوە خەوەنوچکەی قەیرەیی بردنیەوە و ئەوگەنجانەی ئەمان بەتەمایان بون لەدەروازەی ماڵەکانیانەوە بەختێکی باش بکەنە میوانی خەونەکانیان بەرۆژێگەیشتن لە بری زەواج جەوازیان هەڵبژارد و لە بری نیشتمان ئاوارەیی و لەبری چاورەشی خۆمان چاوشینی ئەوان بوویە هاورێ و هاوژینیان.

ئەو گیرفانانە هەر پڕ نەبوون تا شتێ بەر ئەم میللەتە خێرلە خۆ نەدیووە بکەوێت ..

ئەو چاوانە هەر تێرنەبوون تا پشکێك بەر ئەو میللەتەی راپەڕینی کرد بکەوێت ..

فاکتەری سەرەکی لە راپەڕیندا ستەم بوو ، ستەمیش رەنگی جیاوازی هەیە ، بەڵام بەهەموو رەنگەکانەوە هەر ستەمە بۆیە سەیر نییە هەرکات زوڵم و ستەم تەنگیان بە ئازادی گەل هەڵچنی .. تەنگیان بەبەرژەوەندیەکانی هەڵچنی .. تەنگیان بە گیانی راچەنیووی هەڵچنی .. تەنگیان بە رۆحی زیندووی هەڵچنی نەعرەتەی راپەڕین سەر هەڵبداتەوە ..